UN WFP World Food Programme

INNOVATION ACCELERATOR

IRAQ INNOVATION CHALLENGE

PALM

PROMOTING ADAPTATION THROUGH LOCALIZED METHODS

# بانگهێشت بۆ پێشکەشکردنی داواکاری

عێراق یەکێکە لەو وڵاتانەی کە زۆرترین مەترسی گۆڕانی کەشوهەوای لەسەرە و ڕووبەڕووی پلەی گەرمی زۆر و بارانی پێشبینینەکراو و وشکەساڵی سەخت و کەمی ئاو دەبێتەوە. لە هەمان کاتدا، گەشەی خێرای دانیشتووان و فراوانبوونی شارنشینی و خراپ بەکارهێنان و بەفیڕۆدانی ئاو لەلایەن کەرتەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازییەوە، دەبنە هۆی ئەوەی خواست لەسەر ئاو زیاتر ببەنە پێشەوە. فشارە هەمەلایەنەکان بوونەتە هۆی لەدەستدانی زیاتری بژێوی کشتوکاڵی، بەتایبەتی لە پارێزگاکانی باشوور، کە ئاسایشی خۆراکیان خراپتر کردووە. لە کاتێکدا عێراق دوای دەیان ساڵ لە ململانێ و ئاژاوەی سیاسی لە چوارچێوەی مرۆییەوە بۆ چوارچێوەی گەشەسەندن گوزەر دەکات، وڵاتەکە جەخت لەسەر بنیاتنانی سیستەمێکی ژینگەیی بەهێز و ناوخۆیی داهێنان دەکاتەوە کە پشتگیری لە داهاتوویەك بکا لە ڕووی کەشوهەواوە ژیرانە و خۆڕاگر بێ و توانای بەرگەگرتنی ئەو ئاڵنگارییانەی هەبێ کە گۆڕانی کەشوهەوا دەیانسەپێنێ.

بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم ئاڵنگارییانە، بەرنامەی خۆراکی جیهانی (WFP) لە عێراق بە هاوکاری لەگەڵ خێراکەری داهێنانی سەربە WFP یەکەمین بانگهێشتی خۆی بۆ پێشکەشکردنی داواکاری دەستپێکرد. ئاڵنگاریی داهێنان لە عێراق کە سەربە برەودان بە خۆگونجاندن لە ڕێگەی شێوازە ناوخۆییەکانەوەیە (PALM) ئامانجی دەستنیشانکردن و پشتگیریکردنی چارەسەرە ناوخۆییەکانە کەلەڕووی تێچوونەوە کاریگەر بن، جا تەکنەلۆژیای سادە یان پێشکەوتووبێ ، بۆ بنیاتنانی خۆڕاگری و برەودان بە خۆگونجاندن لەگەڵ کەشوهەوا لە کۆمەڵگە زیانلێکەوتووەکاندا.

ئێمە بانگهێشتی داهێنەران و پێشەنگکاران و ڕێکخراوەکانی عێراق دەکەین بە **چارەسەری کاریگەر و گونجاو بەمەبەستی بەهێزکردنی توانای کۆمەڵگە خۆجێییەکان بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ گۆڕانی کەشوهەوا و باشترکردنی دەرفەتەکانی بژێوی** بەشداری بکەن. WFP لە عێراق پاڵپشتی گشتگیر بۆ تیمە هەڵبژێردراوەکان دابین دەکات و ئاسانکاری دەکات بۆ پەرەپێدان و بەرفراوانکردنی چارەسەرە هەرەباشەکان. ئێمە زیاتر جەخت لەسەر پەرەپێدانی ئەو داهێنانانە دەکەینەوە کە نەك تەنها لە چوارچێوەی عێراقدا تازەن، بەڵکو بەردەوامیان هەبێ و دەشێ پەرەیان پێبدرێ و و توانای دروستکردنی گۆڕانکاری درێژخایەنیان هەیە لەناو سیستەمی ژینگەیی ناوخۆییدا.

**دوا مۆڵەت بۆ پێشکەشکردنی داواکاری: 20 ی تشرینی یەکەمی 2024، کاتژمێر 11:59ی شەو (کاتی ستانداردی ئەتڵەسی)**

## ئێمە چی پێشکەش دەکەین

تیمە هەڵبژێردراوەکانی داهێنان:

- شایستەی وەرگرتنی **یارمەتییەکی بێبەرامبەر تا 25,000 دۆلاری ئەمریکی** لە WFP دەبێت.
- دەرفەتی بەشداریکردنی لە **وۆرکشۆپێکی راهێنان لەسەر داهێنان** دەبێت کە لە مانگی کانوونی دووەمی 2025 لە عێراق بەڕێوە دەچێت و، تێکەڵکردنی ڕێنمایی بازرگانی و خستنەگەڕی سیستەمی ژینگەیی و پلاندانانی نەخشەڕێگا لەلایەن خێراکەری داهێنانی بەرنامەی جیهانی خۆراکەوە ئاسانکاری دەکرێت؛
- بەشداری لە **بەرنامەی تێژڕەوی WFP بۆ ماوەی سێ مانگ** (شوبات - نیسانی 2025) دەکات بۆ ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی چارەسەرەکان و وەرگرتنی پاڵپشتی کارپێکردن، لەگەڵ ئەگەری ئاوێتەکردنی چارەسەرەکە لەگەڵ چالاکییە بەرنامەییەکانی WFP لە عێراق لە ئاستی درێژخایەن.
- لەوانەیە شایستەی پشتگیری زیاتر و دەرفەتی کۆکردنەوەی پارەی پێبدرێ.

## بەدوای چیدا دەگەڕێین؟

سەبارەت بەم ئاڵنگاریی داهێنانە، ئێمە بەدوای **چارەسەری کاریگەر لەڕووی تێچوون و گونجاو** لەگەڵ چوارچێوەدا دەگەڕێین**، جا تەکنەلۆژیای سادە یان پێشکەوتوو بێ** ، بۆ بەهێزکردنی چالاکیەکانی WFP لە عێراق لە بواری خۆگونجاندن لەگەڵ گۆڕانی کەشوهەوا. ئامانجمان دەستنیشانکردنی داهێنانە ناوخۆییەکانە لە عێراق کە بتوانرێت لە پارێزگاکانی سەرانسەری عێراقدا جێبەجێ بکرێن. لە کاتێکدا ئێمە هانی پێشنیاری داهێنەری ناتەقلیدی دەدەین، تکایە دڵنیابن لەوەی کە پێشنیارەکان لەگەڵ ئەولەویەتەکانی ئێستای WFP لە عێراق سەبارەت بە داهێنان کە لە خوارەوە ئاماژەیان پێکراوە دەگونجێن:

1. پەرەپێدانی کرداری کشتوکاڵیی بەردەوامکار و زیرەك لەڕووی کەشوهەواوە

جوتیارانی عێراق ئەوانەی خاوەنی ڕووبەری کشتوکاڵی بچوکن ڕووبەڕووی ئاستەنگی گەورە دەبنەوە لە دەستەبەرکردنی تەکنەلۆژیای زیرەك لەڕووی کەشوهەواوە کە بۆ بەرهەمهێنانی خۆراکی درێژخایەن پێویستن. هێشتا دەستگەیشتن بە داهێنانەکان بە نرخی گونجاو سنووردارە ئەمەش وادەکا پشت بە شێوازە کشتوکاڵییە تەقلیدییەکان ببەسترێ کە سەرچاوە سروشتییەکان دادەچۆڕێنن و پاشماوەی زۆر دروست دەکەن و لە ڕووی ئابوورییەوە ناکارامەن. *بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشانە، ئاڵنگاری داهێنان لەمانە دەگەڕێ:*

- ئەو چارەسەرانەی کە ڕێبازەکانی دوبارە بەکارهێنانەوە لە گوند و شارەکان بەرەوپێش دەبەن بۆ گۆڕین و بەکارهێنانەوەی پاشماوە بۆ مەبەستی کشتوکاڵی. ئەمەش تەنها بۆ نمونە گۆڕینی پاشماوە بۆ پەیینی ئەندامی و دووبارە بەکارهێنانەوەی ئاوی ئاوەڕۆی کشتوکاڵی و گۆڕینی پاشماوەی کشتوکاڵی بۆ وزە لەخۆ دەگرێ؛
- چارەسەری کاریگەر لە ڕووی تێچوون کە هانی جوتیارانی ڕووبەری کشتوکاڵی بچوك دەدات کە شێوازی بەرهەمهێنانی زیرەك لەڕووی کەشوهەوا بگرنەبەر، وەك کشتوکاڵی شار، کشتوکاڵی بێ خاك، جۆرەکانی بەرهەمی خۆڕاگر لە وشکەساڵی و هتد؛

خزمەتگوزاری ڕیبەری کشتوکاڵی لە کۆتا قۆناغ کە ڕێنمایی تایبەتمەند لەسەر بنەمای جۆری بەروبوم، بارودۆخی خاك، خواستی بازاڕ و هۆکارەکانی تر پێشکەش دەکات؛

- ئەو چارەسەرانەی کە یارمەتیدەرن بۆ پەرەپێدانی کارامەییە "سەوزەکان" یان هەمەچەشنکردنی بژێوی جوتیاران و ژنان و گەنجان.

**2. کەمکردنەوەی زیانەکانی پاش دروێنە**

جوتیارانی ڕووبەری کشتوکاڵی بچوک لە عێراق بەهۆی کەمی شارەزایی و تەکنیکەکانی پاش دروێنە و کەمی ئامێر و سنووردارbوونی دەستڕاگەیشتنان بە بازاڕ و خزمەتگوزارییەکانی ڕووبەڕووی ئاستەنگ دەبنەوە. ئەم ئاستەنگانە ڕێگری لە دەرفەتەکانی وەبەرهێنان دەکەن و بەشدارن لە تێڕوانین بۆ کشتوکاڵی بچووک وەك کەرتێکی کەم ئەنجام. چارەسەرکردنی ئەم کێشانە، ئاڵنگاری داهێنان بەدوای ئەمانەدا دەگەڕێت:

- ئامێری پرۆسێسکردنی کشتوکاڵی و چارەسەرەکانی کۆگای سارد بە نرخێکی گونجاو کە پاراستنی بەرهەم پێشبخەن و زیانەکانی پاش دروێنە بە شێوەیەکی بەرچاو کەم بکەنەوە؛
- مۆدێلی گەیاندنی داهێنەرانە یان چارەسەری دارایی کە دەستڕاگەیشتن بە ئامێرەکانی پاش دروێنە ئاسانتر و هەرزانتر دەکات بۆ بەرهەمهێنەرانی بەرووبومی کشتوکاڵی؛
- بازاڕی دیجیتاڵی یان پلاتفۆرمی دیجیتاڵی کە بە شێوەیەکی کاریگەر جوتیاران بە کڕیارەکانەوە ببەستێتەوە بۆ باشترکردنی دەستڕاگەیشتنیان بە بازاڕ و بتوانن نرخێکی دادپەروەرانە دەستەبەر بکەن.

**2. چارەسەرکردنی ئاڵنگارییەکانی کەمی ئاو**

زەوییە کشتوکاڵییەکانی عێراق زیاتر دەکەونە ژێر کاریگەری ڕاماڵین و سوێری و لەدەستدانی ماددەی ئەندامی، کەمی ئاو یش ئەم کێشانە خراپتر دەکات. جوتیارانی ڕووبەری بچوك بەتایبەتی لە پارێزگاکانی باشوور ڕووبەڕووی ئاڵنگاریی گەورە دەبنەوە بەهۆی نەبوونی ئاو بە بڕی پێویست کە کاریگەری نەرێنی لەسەر بەرهەمهێنانی بەروبوم هەیە. بۆ کەمکردنەوەی ئەم کێشانە، ئاڵنگاری داهێنان بەدوای ئەمانەدا دەگەڕێت:

- ئەو تەکنەلۆژیایانەی کە توانای خاك بۆ ڕاگرتنی ئاوی بەرز دەکەنەوە و جۆگەکردنی ئاو بەسەر زەویدا کەم دەکەنەوە، کارایی ئاودێری باشتر دەکەن، و بە باشترین شێوە سوود لە سەرچاوە سنووردارەکانی ئاو وەردەگرن؛
- چارەسەری کاریگەر لە ڕووی تێچوونەوە ئاوی سوێر و ئاوی ژێر زەوی بۆ مەبەستی کشتوکاڵی شیرین دەکاتەوە، یان چارەسەرێك کە دەکرێ پەرەی پێبدرێ ئاوی *زێراب* بۆ دووبارە بەکارهێنانەوە چارەسەر دەکات؛
- کردار و شێوازی بەردەوامکارانەی بەڕێوەبردنی زەوی کە بۆ بەرەنگاربوونەوەی بەبیابانبوون و گەڕاندنەوەی تەندروستی خاك داڕێژراوە.

## مەرجەکانی شیاوبوون

داواکارییەکان بەپێی لانی کەمی مەرجەکانی شیاوبوون هەڵدەسەنگێندرێن کە لەلایەن خێراکەری داهێنانی سەربە WFP دانراون. ئەم مەرجانە ئەمانەی خوارەوە لەخۆدەگرن:

- دەبێت ڕێکخراوەکەت **قەوارەیەکی یاسایی تۆمارکراو بێت لە عێراق.** هەردوو قەوارەی قازانج ویست و قازانج نەویست شیاون؛
- پێویستە ڕێکخراوەکەت **وەك كاركردن بوونی لە عێراقدا هەبێت،** جا لە ڕێگەی بوونی لقی کۆمپانیا یان نوسینگە بێت لە ناو وڵات یان لەڕێگەی دابەشکەران یان هاوبەشییەوە بێت؛
- داهێنانەکەت دەبێت بوارێك یان چەند بوارێکی داهێنان چارەسەر بکا کە پێشدەستییان پێدراوە وەك لە سەرەوە باسکرا؛
- داهێنانەکەت دەبێت لانی کەم لە قۆناغی **کەمترین ئاستی بەرهەمی بەتوانا (MVP)** دا بێت، و ئەوەی توانای سەلماندنی بیرۆکە و سەرنجڕاکێشانی سەرەتایی هەبێ بە باشتر دادەنرێ؛ و
- داواکارییەکەت دەبێت پلانی تاقیکاری و پێشنیاری بودجە لەخۆ بگرێت بۆ ماوەی سێ مانگ پاش وەرگرتنی پارە لە WFP.

## پێوەرەکانی هەڵسەنگاندن

سەرباری مەرجەکانی شیاوبوون کە لە سەرەوە باسکران، داواکارییەکان بەپێی ئەم پێوەرانەی خوارەوە هەڵدەسەنگێنرێن:

کاریگەری: چارەسەرەکە دەتوانێت کاریگەری لەسەر ئەو کەسانە هەبێت کە لەلایەن WFP لە عێراق خزمەت دەکرێن، بەم شێوەیە بەشداری دەکات لە ئەرکی WFP بۆ نەهێشتنی برسێتی؛

ئاستی داهێنان: پرۆژەکە تەکنەلۆژیای نوێ یان شێوازێکی نوێی بۆ بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای بەردەست دەگرێتەخۆی، یان پرۆسەیەك یان مۆدێلێکی بازرگانی لەخۆدەگرێت کە لانیکەم یەکێك لەو کێشانەی سەرەوە چارەسەر بکات؛

توانای جێبەجێبوون: تیمەکە بەڵگەی هەیە کە دەتوانێ چارەسەرە پێشنیارکراوەکە دروست بکات و جێبەجێی بکات و ئاماژە بە داواکاریی بەکارهێنەران یان کڕیارانی بەئامانجکراو بۆ چارەسەری کێشەکە دەکات.

کوالیتی تیم: تیمەکە ئەزموونی پەیوەندیدار و پابەندبوونێکی بەهێزی بە پرۆژەکە هەیە.

توانای دارایی ئەگەری: داواکارییەکە پلان و توانای بە دەستهێنانی داهاتی بەردەوامکار لە دەرەوەی بودجەی WFP بەرنامەی لە ماوەی مامناوەندیدا دیاری دەکات؛

ناوەڕۆك: چارەسەرەکە ڕاستەوخۆ بەلایەنی کەمەوە یەکێك لەو بوارە ئەولەویەتیانەی سەرەوە باسکراوە کە گونجاوە بۆ جێبەجێکردن لە لە عێراق.

پەیوەندیدار بە چوارچێوە: چارەسەرەکە ڕاستەوخۆ لانیکەم چارەسەری یەکێك لەو بوارانەی سەرەوە دەکا کە ئەولەویەتیان پێدراوە و بۆ جێبەجێکردن لە بەرنامەی WFP لە عێراق دەستدەدا.

## پرۆسەی پێشکەشکردنی داواکاری

- تکایە بۆ پێشکەشکردنی داواکاریەکەت فۆڕمی داواکاری تا 20 ی تشرینی یەکەمی 2024 لە کاتژمێر 11:59 شەو (بە کاتی ستانداردی ئەتڵەسی) پڕ بکەوە.
- ئێمە لە مانگی تشرینی یەکەم و تشرینی دووەمی 2024 پێداچوونەوە دەکەین و داواکارییە سەرکەوتووەکان هەڵدەبژێرین. لە کاتێکدا ئێمە زۆر بایەخ بە هەموو داواکاریەکان دەدەین، تکایە تێبینی ئەوە بکە کە ئێمە تەنها دەتوانین پەیوەندی بە داواکارە هەڵبژێردراوەکان بکەین.
- بۆ زانیاری زیاتر، تکایە سەیری **پرسیارە باوەکان** بکە.

## کورتەیەك دەربارەی بەرنامەی خۆراکی جیهانی لە عێراق (WFP)

WFP لە عێراق لە ساڵی 2022 دیدگەیەکی فراوانتری بۆ کردارەکانی دەستپێکرد کە جەخت دەکاتە سەر خۆڕاگری و بوژانەوە و گەشەپێدان. ئەم دیدگەیە لەسەر بنەمای تێگەیشتنێکی گشتگیر لە دیمەنی گەشەپێدانی سیاسی و ئەمنی و ئابوری کۆمەڵایەتی و ژینگەیی و ئابوری و گەشەپێدانی سەرمایەی مرۆیی لە عێراقدا دامەزراوە. تاوەکو ساڵی 2025، WFP لە عێراق ئامانجی بەهێزکردنی ڕۆڵی خۆیەتی وەك هاوبەشێکی پەیوەندیدار بە حکومەتی عێراق لە گەشەپێدانی بەردەوامکاردا، ئەمەش ڕێگە بۆ دیدگەی 2030 ی عێراق خۆش دەکا کە بەهۆی چارەسەری داهێنەرانەوە لاوازی کەم بکاتەوە و ژیان باشتر بکات.

بۆ بەدیهێنانی دیدگاکەی، WFP لە عێراق ئەو دەستێوەردانانەی دارشتوە و جێبەجێکردوە کە لەگەڵ ئەولەویەتەکانی گەشەپێدانی عێراق تەبان و، چارەسەری داهێنەرانە بۆ بەرەنگاربوونەوەی کاریگەرییە نەرێنییەکانی گۆڕانی کەشوهەوا پێشکەش دەکەن و چارەسەری ڕێژەی بەرزی بێکاری لەنێو گەنجان دەکەن و، زەمینەی گونجاو بۆ پێشەنگی کار بەهێز دەکەن و، پشتیوانی لە گەڕاندنەوەی بژێوی ژیان بۆ خەڵکی ئاوارە لە ناوچە زیانلێکەوتووەکان بەهۆی ململانێ و کەشوهەواوە دەکەن.

لە ڕێگەی ئەم ستراتیژە گشتگیرەوە، WFP لە عێراق دڵنیایی دا وە کە وەڵامدانەوەی خۆی زیاتر لە دابینکردنی پێداویستییە دەستبەجێکان بگرێتەوە بۆ بەشداریکردنی چالاکانە لە گەشەپێدانی بەردەوامکار و توانای خۆڕاگری لە عێراقدا.

بەگوێرەی ئەم دیدگایە، WFP لە عێراق هاوبەشی لەگەڵ خێراکەری داهێنانی سەربە WFP دەکات بۆ پەرەپێدانی توانای ئابوری گەنجان لەڕێگەی پاڵپشتیکردنی پرۆژە داهێنەرەکانی عێراق و بەشداریکردن لە بەهێزکردنی سیستەمی ژینگەیی داهێنانی ناوخۆیی کە گەنجان سەرکردایەتی دەکەن. لە هەمان کاتدا، دەستپێشخەرییە تایبەتەکان تەواوکەری بەرنامەکانی بژێوی ژیان و خۆڕاگریی سەربە WFP دەبن، کە ئەمەش هاریکارییەکی بەرنامەیی بەهێز دروست دەکات.

## دەربارەی خێراکەری داهێنانی سەربە WFP

بەرنامەی [خێراکەری داهێنانی سەربە WFP] لە ساڵی 2015 لەلایەن بەرنامەی خۆراکی جیهانی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە (WFP) بە پاڵپشتی وەزارەتی فیدراڵی ئەڵمانیا بۆ هاوکاری و گەشەپێدانی ئابوری و وەزارەتی دەرەوەی فیدراڵی و وەزارەتی خۆراك و کشتوکاڵ و دارستان و گەشتیاری ویلایەتی باڤاریا دامەزراوە. ئامانج لێی بەدەستهێنانی بیرۆکەی نوێ و پرۆژەی تێژڕەوی تاقیکاری و فراوانکردنی مەودای ئەو داهێنانانەیە کە کاریگەریی بەرزیان هەیە و بەستنەوەیانە بە تۆڕی جیهانی و کردارە مەیدانییە جیهانییەکانی WFP لە زیاتر لە 120 وڵات و ناوچەدا.

خێراکەری داهێنانی سەربە WFP کە بنکەکەی لە شاری میونخی ئەڵمانیایە، ئەو بەرنامانە بەڕێوەدەبات کە چارەسەری کۆمەڵێك پرسی کاریگەری کۆمەڵایەتی و بەردەوامکاری دەکەن، لەوانە گۆڕانی کەشوهەوا و چاودێری تەندروستی سەرەتایی و یەکسانی لە نێوان ڕەگەزەکان و وەڵامدانەوەی فریاگوزاری. بە هاوکاری تۆڕی سەنتەرەکانی داهێنانی ناوچەیی سەربە WFP و تیمەکانی داهێنان لە فەرمانگەی وڵات و پرۆژەکانی هەگبە و بە پاڵپشتی هاوبەشەکانمان، خێراکەری داهێنانی سەربە WFP لە ساڵی 2023 دا 14 بەرنامەی جێبەجێ کرد.

پۆرتفۆلیۆیەکەی، کە زیاتر لە 70 داهێنانی چالاك و 66 دەستپێشخەری داهێنەرانەی دەرچووان لەخۆدەگرێت، گەیشتووەتە 60.7 ملیۆن کەس لە 70 وڵات و ناوچەدا. لە سەرەتای دەستپێکردنیەوە، ئەو داهێنانانەی کە لەلایەن خێراکەری داهێنانی WFP پشتگیری دەکرێن، زیاتر لە 295 ملیۆن دۆلاری ئەمریکییان لە بەخشینی پارە وەرگرتووە.